سەماحەتی حەکیم گرنگی بەرقەرار بوونی بودجە و دەستپێکردنی بەیارە تەشریعییەکانی دیکە دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی دووپاتی کردەوە کە گرنگە بودجەی گشتی تێپەڕ بکرێت و ئەزامەندی لەسەر بدرێت و دوای ئەوەیش دەبێت بابەتە گرنگەکانی دیکەی وەك یاسای نەوت و غاز و ئەوانی دیکەش یەکلایی بکرێنەوە، گوتیشی دەبێت ئەو کەش هەور و گونجاوە بقەزینەوە بە ئەوەی ئەو سەقامگیرییەی ئێستا پێیدا تێپەڕە دەبین بیگەڕێین بە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی.

سەماحەتی دوێنێ چوارشەممە بەرواری 7-6-2023 لە چاوپێکەوتنی بەڕێز موسەننا سامەرائی سەرۆکی هاوپێیمانێتی عەزم گوتیشی کە ئێستا دید و بۆچوونی وڵاتانی دەروبەر و جیهان سەبارەت بەعەراق گۆڕانکاری بەسەر هاتوە، ئەوەش هەمووی بەهۆی توانای عەراقییەکان بووە کە توانیان بەسەر کابەرییەکان زاڵ بن و قوربانی گەورە بدەن تا بەو ساتەی ئێستا گەیشتن.